# دوای تیرۆر

و: هێمن مەحمود
Hemnm1979@yahoo.com

ناوی کتێب : دوای تیرۆر..
بڵاوکەرەوە: بولیتی پرێس-کامبردج-2005.
ژمارەی لاپەرەکان: 196 لاپەرەی قەبارە گەورە.

(ئەکبەر ئەحمەدو بریان فورست) سەرپەرشتیی نووسینی ئەم کتێبەیان کردووە، کەیەکەمیان مامۆستای کۆرسی (ئیبن خەلدوون)ـە بۆ دیراساتی ئیسلامی و هەروەها مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشە لەزانکۆی ئەمریکی لەواشنتۆن، دووەمیشیان مامۆستای یاساو دادگەری و کۆمەڵگایە لەهەمان زانکۆی ئەمریکیدا.

زۆرێك لەگەورە سیاسییەکان و لێکۆڵەرەوە ئەمریکاییەکان بەشداریی نووسینی ئەم کتێبەیان کردووە، بۆنموونە (زبیغنیو بریجنسکی، جوزێف نای، بنیامین باربر، برنارد لویس)و لەبیرمەندە ئیسلامی و عەرەبەکانیش (مەحمود خاتەمی، ئەمیر حەسەن بن تەلال، نور الحسین-ی شاژن) هەروەها (کوفی ئەنان)ـی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش .

ئەم کتێبە لەپێشەکییەك و بیست و هەشت بەش پێکدێت، هەردوو سەرپەرشتیار پێشکەییەکەیان بۆ نووسیوەو بەناوونیشانی) رووەو سەدەی بیست ویەکێکی زیاتر مەدەنی و شارستانی) کەتیایدا هاتووە :رووداوەکانی (11)ی سێپەتەمبەر، خەڵکی لەهەموو جیهاندا ناچارکرد کەچاویان بکەنەوەو رووبەرووی ئەو مەترسییە ببنەوە کەیەخەی گرتوون، لەجیهانێکدا کەچیدی شوێنی متمانە نییە . کەئەمەش ئێمەی ناچارکردووە کەئەم پرسیارانە بخەینە روو، ئایا رق لێبوونەوە لەکوێوە دێت..؟ هۆکارەکانی چین..؟ چۆن دەتوانین پێکدادانی شارستانییەتەکان تێبپەرێنین..؟ چۆن دەتوانین رووداوێکی گەورەی وا بکەینە دەروازەیەك بۆ گفتوگۆی شارستانییەتەکان..؟ چۆن دەتوانین پێشتر رووبەرووی هەرەشەکانی زەمەن ببینەوە..؟

چۆن دەتوانین میللەتان و رۆشنبیرییەکان و ئایینەکان لەیەك نزیکبکەینەوە..؟ هەر لەبەر ئەم هۆیانە هاوکارە ئەکادیمی و سیاسییەکانمان بانگهێشت کرد بۆ دیدارێکی فراوان بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم هەموو بابەتانەو لەبەختی ئێمەش هەموویان بەدەم داواکەمانەوە هاتن و ئەم کتێبەی لێ بەرهەمهات
.
ئێمە چەند بابەتێکمان تاووتوێ کردووە کەگرنگترینیان: هۆکارەکانی پێکداکێشانی جیهانی رۆژئاوایی و جیهانی ئیسلامی، هەروەها رۆڵی ئایین لەم پێکداکێشانەدا، یان راستتر ئەو تێگەیشتنە هەڵەو خراپەی هەیە بۆ ئایین نەك خودی ئایین خۆی .

دوو سەرپەرشتیارەکە بەردەوام دەبن و دەڵێن: بەشداربووان لەسەر ئەوە کۆکن کەهۆکارەکانی نائارامی و ململانێکان لەجیهاندا دەگەرێتەوە بۆ هەژاری و برسێتی و سەرکوتکردنی سیاسی، هەروەها لەدەستدانی ئازادییە سەرەکییەکان لەچەند ناوچەیەکی فراوانی جیهاندا، بەتایبەتییش لەجیهانی عەرەبی ئیسلامی و ئەفریقیای رەش و ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا .

بەشداربووان دەڵێن کە :دەمارگیریی ئایینی بەرهەمی ئەو هۆکارانەیە، هەروەها بەرهەمی جەهل و نەخوێندەواری و تێگەیشتنی هەڵیە لەناوەرۆکی پەیامە ئایینییەکان، جا بۆیە بۆ ئەوەی تاوانی (11)ی سێپتەمبەر جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، پێویستە کەچارەسەرێك بۆ هەموو ئەو هۆکارە سلبییانە بدۆزینەوە کەوایکردووە نیوەی بەشەرییەت رقی لەو نیوەکەی دیکە ببێتەوە. پرۆفیسۆر (راجموهان غاندی)ی نەوەی (مەهاتما غاندی) لەیەکێك لەبەشەکانی کتێبەکەیدا دیاردەی دەمارگیریی ئایینی لەیەکێك لەبەشەکانی کتێبەکەیدا لەژێر ئەم ناوونیشانەدا شیدەکاتەوە: (داخستنی بەشەکانی دوژمنایەتیی نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان)، پرۆفیسۆر (غاندی)

مامۆستای (زائر)ە لەزانكۆی (ئیلینۆی)ی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و وانە لەزانستە سیاسییەكاندا دەڵێتەوە .
هەروەها نێودەوڵەتییش بەوە ناسراوە كەچالاكیی لەبواری مافەكانی مرۆڤدا جا بۆیە مۆمی نەكوژاوەی لەدەستی باپیرە گەوەی وەرگرتووەو نەیهێشتووە بكوژێتەوە، دەڵێت: بەردەوام هەوڵی ئەوەم داوەو لەگەنجێتیمەوە ویستوومە كەخاڵی بەیەكگەیشتنی نێوان موسڵمان و هیندۆسەكان بم، هەروەها لەنێوان هیندو پاكستاندا، من پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولام بەهێزدەكرد، هیچ گومانێكیش لەوەدا نییە كەباپیرەم (مەهاتما غاندی) رۆڵێكی گەورەی گێراوە لەهاندانم بۆ ئەم كارانە، ئەوەی ئاشكراشە كەئەو لەسەر دەستی هیندۆسییەكی توندرەوو لەساڵی (1948)دا دەكوژرێت كەبروای وابووە زیاد لەپێویست موجامەلەی موسڵمان و پاكستانییەكان دەكات بۆیە كوشتوویەتی، ئەوكات تەمەنی من دوانزە ساڵ و نیو بووە، هەر بۆیە دەبێت بەپێشرەوو نموونەیەكی من .

لەواقعیشدا باپیرەم هەر لەمنداڵییەوە هەتاكو مردنی ژیانی خۆی تەرخانكردبوو بۆ چەسپاندنی پەیوەندییە (هیندۆسی-ئیسلامی)یەكان، بۆیە لەلایەن توندرەوەكانی هەردوو لایشەوە خۆشیان ناویت.
پرۆفیسۆر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم كەسەرەرای وانەكانی باپیرەم هەندێك رق و حیقدم هەڵگرتبوو بەرامبەر وڵاتە هاوسێكەمان) پاكستان) وامادەنا كەئەو دوژمنی ئێمەیە، لێرەدا چیرۆكێك دەگێرمەوە بۆ بەڵگەی ئەوە، تەمەنم (16) ساڵان بوو لەساڵی (1951)دا كاتێك بیستم) لیاقەت عەلی خان) كوژراوە، كەئەو كاتە سەرۆك وەزیرانی پاكستان بوو .لەبەردەمی خەڵكیدا خۆشحاڵیی خۆم دەردەبری، دەموت وایە كەهەر بەراستی كوژرابێت و رزگاری نەبووبێت لەو هەوڵی كوشتنەی كەبۆی دراوە، لەو كاتەدا یەكێكیان بەشێوەیەكی سەیر سەیری كردم، هەستم بەشەرمەزاری و ریسوابوون كرد، بۆچی خۆشحاڵ بم بەكوشتنی یەكێك كە لەهەموو ژیانیدا هیچ ئازارێكی نەداوم .

ئەم هەموو دەمارگیرییە بۆچی، لەو ساتەوە ئەو پرسیارانەم لەخۆم كرد، هەروەها بوو بەهۆی گومانكردنیشم لەهەموو ئەو بیروباوەرانەی كەبانگەواز بۆ رق لێبوونەوەو حیقد دەكەن: واتا رق لێبوونەوە لەهەموو ئەوانەی كە لەرووی ئایین و عەقیدەو نەتەوەوە لێمان جیاوازن.
هەروەها دەڵێت: لەو كاتەوەو تاكو ئەمرۆ هەوڵی ئەوە دەدەم كەگفتوگۆ لەنێوان هیندو پاكستاندا بەردەوامیی پێبدەم، لەم ساڵانەی دواییشدا هەوڵی نزیكخستنەوەی جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوا دەدەم، كاتێك كە(11) ی سێپتەمبەر روویدا من لەگەرەكێكی باشووری نیودەلهی بووم، خوشكەكەم تەلەفۆنی بۆ كردم وتی تەلەفزیۆنەكە بكەرەوە، رووداوێكی ترسناك لەئەمریكا روویدا، منیش بەگوێیم كردو وەك هەموو خەڵكی چەندین كاتژمێر لەبەرامبەری تەلەفزیۆنەكەدا دانیشتم، لەكارەساتێكی وادا دڵم لەگەڵ ئەمریكاییەكاندا بوو، لەپەرچەكرداری سەرۆك (بوش)یش گەیشتم لەبەرامبەر ئەم كارە تاوانكارییەدا.
سەرەتا لەسەرۆك (بوش) گەیشتم و وتی: ئەوە شتێكی رێگاپێدراوە، چونكە ئەمریكا لەخاكی خۆیدا پەلاماردراوە، بەڵام دواتر لەوە نەگەیشتم كاتێك پەرچەكرداری ئەمریكاییەكان گۆردرا بۆ ئایدیۆلۆژیا یان ستراتیژێكی گشتگیر. هەر بەتەنها شەری دژ بەتیرۆر چارەسەر نییە، بەڵكو پێویستە شەر دژبە هۆكارەكانی تیرۆریش رابگەیەنرێت و تاوەكو ئێستاش چارەسەرێكی عادیلانە بۆ كێشەی فەلەستین نەدۆزراوەتەوە، دواتریش هەژارییەكی بەربڵاو لەوڵاتانی باشوور هەیە، بەتایبەتی لەجیهانی ئیسلامیدا .

(بەرنارد لویس)ی رۆژهەڵاتناسی بەنێوبانگیش بەشێكی بچووكی بەناونیشانی (بەیەكدا كێشانی شارستانییەتەكان یان گفتوگۆی شارستانییەتەكان..؟) نوسیوەو تیایدا هاتووە بەمانایەك لەماناكان دەتوانم بڵێم: لەو كاتەوەی كەشارستانییەتەكان یان رۆشنبیرییەكان لەسەر زەویی پەیدابووە، تاكو ئێستا گفتوگۆ لەنێوانیاندا بەردەوامە، ئەو راستە كەزۆربەی جار رووبەروو بوونەوەیان زیاتر دوژمنانە بووە و زۆرجاریش پێكداكێشان بووە تاكو گفتوگۆ، بەڵام هەموو جار وا نەبووە، بەڵكو گفتوگۆ روویداوەو دواتر وەستاوەو پچر پچر بووەو سوودیان بۆ یەكتری تیادا بووە .

تەنانەت ئەو كاتەشی لەشەردا بوون لەگەڵ یەكتریدا فیكرو بەهرەكانیان لەگەڵ یەكتریدا ئاڵوگۆر كردووە، جا بۆیە گفتوگۆ بەچەندین جۆری جیاواز بەردەوامبووە. بەناوبانگترین ئەو رووبەروو بوونەوە رۆشنبیرییانەش لەمێژوودا، لەنێوان ئیسلام و مەسحییەتەدا بووە.

لەسەرەتادا بارودۆخەكە بێ كێشەو پرشنگدار نەبووە، پێكداكێشانەكان توندترینیان بووە، شەرەكان

یەك لەدوای یەك بەردەوام بووە، بۆ بیرخستنەوە باسی شەڕەکانی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان و حەمدانییەکان لەگەڵ رۆمدا دەکەین: واتا ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتیی مەسیحی کەدەستی گرتبوو بەسەر تورکیاداو پایتەختەکەی قوستەنتینییە بوو و کەدواتر دەبێت بەئەستەنبووڵ .
دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا شەڕی خاچپەرستەکان دەستپێدەکات و بەدوایشیدا شەڕی شەڕەکانی عوسمانی و ئەوروپاییەکان تاکو سەدەی حەڤدەهەمین. نابێت شەڕی ئەندەلوسمان لەبیربچێت کە لەلایەن مەسیحییەکانەوە وەدەست دەهێنرێتەوە، هەردوای ئەوەش شەڕەکانی ئیستیعمارییەت دەستپێدەکات، لەو کاتەوەی کە(ناپلیۆن) هەڵمەتەکەی دەستپێدەکات و بەشەڕەکانی ئازادیی نیشتمانیی کۆتایی دێت لەپەنجاکان و شەستەکاندا، بەڵام نابێت کەپەیوەندییە نێوان ئەوروپاو جیهانی ئیسلامی بچووکبکەینەوە بۆ شەڕو پێکدادانی شارستانی یان ئایینەکان، بەڵکو بەدرێژایی سەدەکان تاکو ئێستاش کارلێکی رۆشنبیریی و زانیاریی گەورە لەنێوان هەردوو لادا روویداوە .

هیچ کەسیش گومانی لەزانیاریی عەرەبی و فەلسەەی ئیبن روشد نییە سەبارەت بەئەوروپا، هەڵسانەوەکە بەوەی یەکەمجارییەوە لەسەدەی سیانزەهەمدا .

وەك چۆن هیچ کەسیش نکووڵیی لەگرنگیی تازەگەریی ئەوروپا و ئەو رۆڵەی ناکات لەبەئاگاهاتنەوەی جیهانی عەرەبی ئیسلامیی دا گێراوییەتی لەسەدەی نۆزدەدا .

بەمجۆرە وەك چۆن لەسەدەکانی ناوەڕاستدا عەرەب مامۆستای ئەوروپا بووە، ئێستا ئەوان خوێندکاری ئەوروپاییەکانن. ئەمەش مانای وایە کەپەیوەندییەکان هەر بەتەنها شەڕ یان ململانێ نەبووە، بەڵکو زۆرجار گفتوگۆو کارلێککردن بووە، بەڵام (نور الحسین)ی شاژن بەشێکی لەژێر ناوی )ئاسایش لەڕێگای گفتوگۆوە) نووسیوەو تایدا دەڵێت: دە ساڵ بەسەر وتارەکەی (سامۆئیل هانتینگتۆن)دا تێپەڕیوە (پێکدادانی شارستانییەتەکان-1993)، ئەو کاتە من و (مەلیك حسێن)ـی مێردم لەواشنتۆن بووین، کەیەکەم سەردانی رەسمی بوو لەسەردەمی (کلینتۆن)دا. شەڕی کەنداو کۆتایی هاتبوو، بەڵام پەلامارە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ سەر پێگە عیراقییەکان هێشتا هەر بەردەوام بوو، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (وارن کریستۆفەر) پێیوتین کە: سەرۆك کلینتۆن فەرمانی بەم لێدانە کردووە دژ بەناوەندەکانی هەواڵگریی عیراقی، چونکە نەخشەیان بۆ تیرۆرکردنی سەرۆك )بوش)ـی باوك داناوە، لەوکاتەی سەردانی وڵاتی کوێت دەکات، دوای نەمانی لەکۆشکی سپی دا، دواتر رێککەوتننامەی (ئۆسلۆ) هات کەوامان دەزانی ئاشتیی لەناوچەکەدا دەچەسپێت و شەڕ نامێنێت، بەڵام هیواکانمان بەدی نەهات.

ئایا ئەوە بەهۆی پێکدادانی شارستانییەتەکانەوەیە یان بەهۆی پێکدادانی بەرژەوەندییە سیاسییە جیاوازەکان و دژ بەیەکەکانە..؟ پێدەچێت ئەگەری دووەم بێت. دواتر شاژن دەڵێت: هیچ گومانێك لەوەدا نییە کەجیاوازییەکی شارستانی لەنێوان ئەمریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئینکاریکردنی ئەمەش هیچ مانایەکی نییە، بەڵام نابێت هەموو کێشەکان بچووك بکەینەوە بۆ ململانێی شارستانییەتەکان، وەك چۆن پرۆفیسۆر (هانتینگتۆن) بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو چەندین کێشەی سیاسیی هەڵواسراو هەیەو چارەسەر نەکراوە، لەپێشەوەیانەوە کێشەی فەلەستین، ئەگەربێت و چارەسەر بکرێت ئەوا ئەو بۆشاییە گەورەیەی لەنێوان ئەمریکاو گەلانی ناوچەکەدا هەیە، بچووکتر دەبێتەوە، بەڵام پرۆفیسۆر (زبیغنیۆ بریجنسکی)ـی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەردەمی (کارتەر)دا بروای وایە کەئاسایشی تەواوەتیی لەجیهانی ئێستاماندا جگە لەئەفسانەیەك هیچی دیکە نییە، هیچ یەکێکیش ناتوانێت ئاسایش بۆ خۆی یان بۆ کۆمەڵگاکەی لەسەدا سەد دابین بکات .ئەمریکاش دوای (11)ی سێپتەمبەر وەك پێشوو پارێزراو نییە یان وەك چۆن گومانی دەکرد، بەڵام دەتوانین بەرێژەیەکی گەورە ئاسایش دابین بکەین، ئەگەر بێت و ئامادەیی و ئامادەکاریی خۆمانمان پێشتر کردبێت، بەڵام بەلاهووتی کردنی کێشەکە لەلایەن سەرۆك بوشەوە راست نییە، هەر وەك چۆن دابەشکردنی جیهان بۆ بەرەیی شەڕو بەرەیی خێر دابەشکردنێکی ئاسان و کەوتووەتەوە، جیهان زۆر لەوە تێکئاڵۆزکاوترە و ناتوانین لەرەش و سپیدا بچووکی بکەینەوە..؟

چەندین ناوچەی (رمادیە) لەو نێوانەدا هەیە .

بریجنسکی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: هیچ شتێکی تێدا نییە کە لەوەدا راستە تیرۆریستەکان لەهەر کوێیەك بن لەناویان ببات، چونکە ئەوانە کەسانێکی نەخۆشن لەڕووی عەقڵەوەو چاوەڕوانی چاکەیان لێ ناکرێت، هەر بەتەنها تیرۆریشە هۆی مانەوەیان، بەڵام پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو

هۆکارە ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییانە بدیەن کەبوونەتە هۆی دەرکەوتنیان. تیرۆ هەر لەخۆیەوە دوست نابێت، بەڵکو زەوییەکی پێویستە بۆ ئامادەکردنی و تێرکردنی، زۆر گرنگی پێ نەدانی سەرۆك بوش بەم هۆکارانە مانای وایە کەنوقسانییەکی گەورەیە هەیە لەستراتیژی رووبەڕوو بوونەوەی پەتای تیرۆردا .

---

سەرچاوە: سایتی (البیان..)